SDH



# داوای پەنابەریم کردووە لە یەکێتی ئەوروپا - کامە وڵات مامەڵە لەگەڵ داواکاریەکەم دەکات؟

A

زانیاری دەربارەی ڕێنمایی دوبلین بۆ داواکارانی پابەند بوونی پاراستنی جیهانی بۆ ماددەی 4ی لە یاسای یەکێتی ئەوروپا ژمارەی 604/2013

تۆ داوات لە ئیمە کردووە بتپارێزین لەبەرئەوەی تۆ دەڵێیت ناچارکراویت وڵاتی خۆت بجێبهێڵیت بەهۆی کوشتن، جەنگ یان مەترسی زیانگەیاندنی جددی. یایا ئەمە بە "پێشکەشکردن/داواکاری بۆ پاراستنی جیهانی" ناو دەبات و تۆ کەسێکی "داواکار/پێشکەشکاریت". ئەو کەسانەی بەدوای پاراستنن زۆرجار بە 'پەنابەر' ناویان دەبرێت.

**ئەو ڕاستیەی تۆ داوای پەنابەریت کردووە لێرە زەمانی ئەوە ناکات کە ئێمە لێرە داواکاریەکەت هەڵسەنگێنین. ئەو وڵاتەتی داواکاریەکەت هەڵدەسەنگێنێت لە ڕێگەی پرۆسەی یاسایەکی دانراو لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە دەکرێت کە پێی دەوترێت "ڕێسای دوبلین". بەگوێرەی ئەم یاسایە، تەنها یەک وڵات بەرپرسیارە لە هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەت.**

ئەم یاسایە لە سەرانسەری ناوچەیەکی جوگرافی جێبەجێدەکرێت کە 32 وڵات دەگرێتەوە. بۆ مەبەستی ئەم نامیلکەیە، ئێمە داوا لەم 32 وڵاتە "وڵاتانی دوبلین" دەکەین.


**ئەگەر هەر شتێک لەم نامیلکەیە هەبێت کە لێی تێناگەیت، تکایە پرسیار لە دەسەڵاتدارانمان بکە.**

بەرلەوەی داواکاری پەنابەریت بەهەند وەربگیرێت، پێویستە ئەوە یەکلا بکەینەوە ئایا ئێمە بەرپرسیارین لە هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەت یان ئەوەتە وڵاتێکی تر بەرپرسیارە - ئێمە ئەمە بە 'ڕێوشوێنی دوبلین' ناو دەبەین. ڕێوشوێنی دوبلین پەیوەندی بە هۆکاری داواکاریت بۆ پەنابەری نیە. تەنها گرنگی بە پرسیاری ئەوە دەدات کامە وڵات بەرپرسیارە لە بڕیاردان دەربارەی داواکاریت بۆ پەنابەری.

**نامیلکەی ئێستا تەنها بۆ مەبەستی زانیاریە. ئامانجی پێشکەشکردنی زانیاری پەیوەندیدارە بە ڕێوشوێنی دوبلینە بەو کەسانەی داوای پاراستنی جیهانی دەکەن. ماف یان ناچارکردنی یاسایی دروست ناکات. مافەکان و ناچارکردنەکانی وڵاتان و کەسەکانی لە ژێر ڕێوشوێنی دوبلین ئەوانەن کە لە یاسای یەکێتی ئەوروپادا 604/2013 هاتوون.**

**©European Union 2014**
**بەرهەمهێنانەوە ڕێپێدراوە. بۆ هەر بەکارهێنانێک یان دووبارە بەرهەم هێنانەوەی وێنەکان، پێویستە ڕاستەوخۆ ڕێپێدان لە خاوەنی مافی لەبەرگرتنەوە وەربگیرێت.**






وڵاتانی دوبلین 28 وڵاتی یەکێتی ئەوروپا دەگرێتەوە (نەمسا، بەلجیکا، بولگاریا، کرواتیا، قوبرس، کۆماری چێک، دانیمارک، ئەستۆنیا، فینلاندە، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیرلەند، لاتڤیا، لیتوانیا، لوگزامبۆرگ، ماڵتا، هۆلەندا، پۆلەندا، پورتوگال، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید، شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیا، لەگەڵ 4 وڵاتی تری "پەیوەندیدار بە ڕێسای دوبلین (نەرویج، ئایسلەند، سویسرا، و لیختنشتاین)).

## "ئایا چەند کات دەخایەنێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کامە وڵات داواکاریەکەم وەردەگرێت؟ ”

## "چەندە کاتی دەوێت بەرلەوەی داواکاریەکەم هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت؟"

ئەگەر دەسەڵاتدارانمان بڕیار بدەن کە ئێمە بەرپرسیارین لە بڕیاردان لەسەر داواکاریەکەت بۆ پەنابەری، ئەمە واتە لەوانەیە تۆ لەم وڵاتە بمێنیتەوە و لێرە داواکاریەکەت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. پرۆسەی هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەت دوای ئەوە ڕاستەوخۆ دەست پێدەکات.

ئەگەر بڕیار بدەین کە وڵاتێکی تر بەرپرسیارە لە داواکاریەکەت، کاردەکەین بۆ ناردنت بۆ ئەو وڵاتە لە زووترین کاتدا بۆ ئەوە داواکاریەکەت لەوێ کاری لەسەر بکرێت. کۆی ماوەی ڕێککاریەکە لە دوبلین، تا تۆ بۆ ئەو وڵاتە دەگوازرێێتەوە **لەوانەیە، لە دۆخی ئاسایی، تا 11 مانگ بخایەنێت.** داواکاریی پەنابەریت ئینجا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت لە وڵاتی بەرپرسیار. ئەم چوارچێوە کاتیە دەکرێت جیاواز بێت، ئەگەر خۆت لە دەسەڵاتدارن بشاریتەوە، بەند بکرێیت یان دەستگیر بکرێیت، یان ئەگەر داوای گواستنەوەی بڕیارەکە بکەیت. ئەگەر لە یەکێک لە حاڵەتانە بیت، ئەوە زانیاری تایبەت وەردەگریت، زانیاری دەربارەی ئەوەی کامە چوارچێوەی کاتیی بەسەرتۆدا جێبەجێ دەبێت.  ئەگەر دەستگیر بکرێیت، ئەوە زانیاریەکانی دەستگیرکردن و چارەسەرە یاساییە بەردەستەکانت پێدەدرێت.


©European Union

## "وڵاتەکە چۆن بەرپرسیارە لە بڕیاردان لەسەر داواکاریەکەم؟"




©iStockphoto / Joe Gough

یاسا هۆکارە جۆراوجۆرەکان دیاری دەکات بۆچی وڵاتێک بەرپرسیارە لە هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەت. ئەم هۆکارانە بە ڕیزبەندیەکی گرنگیان هەژمار دەکرێن لە ڕێگەی یاساوە، دەسپێکردن لەوەی ئایا تۆ ئەندامێکی خێزانت لە وڵاتی دوبلین هەیە؛ ئایا تۆ ئێستا یان پێشووتر پێدانی ڤیزا یان مانەوەت پێدراوە لەلایەن وڵاتی دوبلین؛ یان ئایا گەشتت کردووە بۆ، یان لە ڕێگەی وڵاتێکی تری دوبلین، جا یاسایی یان نایاسایی بێت.

**گرنگە کە بە زووترین کات پێمان بڵێیت ئەگەر هیچ ئەندانێکی خێزانت لە وڵاتێکی تر دوبلین هەبێت.** ئەگەر مێردەکەت، خێزانەکەت، یان منداڵت داواکاری پەنابەریە یان پاراستنی جیهانی پێدراوە لە وڵاتێکی تری دوبلین، دەکرێت ئەو وڵاتە بەرپرسیار بێت بۆ هەڵسەنگاندنی داواکاری پەنابەریت.

لەوانەیە بڕیار بدەین هەڵسەنگاندن بۆ داواکاریەکەت بکەین لەم وڵاتە، تەنانەت ئەگەر ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بەرپرسیاریەتی ئێمە نەبێت لەژێر پێوەری دیاریکراو لە ڕێسای دوبلین. ئێمە تۆ بۆ وڵاتێک نانێرین کە ئەوە ڕوون بێت مافەکانی مرۆڤت پێشێل بکرێت.



## "چی دەبێت ئەگەر من نەمەوێت بچمە وڵاتێکی تر؟"

تۆ ئەگەری ئەوەت هەیە بڵێیت ڕازی نیت بە بڕیارێک بۆ ناردن بۆ وڵاتێکی رتی دوبلین، و لەوانەیە تانە لەو بڕیارە لە دادگایەک بدەیت. هەروەها دەتوانیت داوای مانەوە لەم وڵاتە بکەیت تا تێهەڵچوونەوەکەت یان پێداچوونەوەکەت بڕیاری لەسەر دەدرێت.

ئەگەر دەست هەڵبگریت لە داواکاریت بۆ پەنابەری و بچیتە وڵاتێکی تری دوبلین، ئەوە ئەگەر هەیە بگەڕێنرێیتەوە بۆ ئەم وڵاتە یان بۆ وڵاتی بەرپرسیار.

**بۆیە گرنگە کە کاتێک داوای پەنابەری دەکەیت، لێرە بمێنیتەوە تا ئێمە بڕیار دەدەین کێ بەرپرسیارە لە هەڵسەنگاندنی داواکاری پەنابەریت و/یان هەڵسەنگاندنی داواکاری پەنابەریت لەم وڵاتە.**

**تکایە ئاگاداربە کە ئەگەر ئێمە هەست بکەین تۆ هەوڵدەدەیت ڕا بکەیت یان خۆت لە ئێمە بشاریتەوە لەبەرئەوەی ناتەوێت ئێمە تۆ بۆ وڵاتێکی تر بنێرین، ئەوە دەکرێت دەست بەسەر بکرێیت (ناوەندێکی داخراو). ئەگەر وابوو، مافی بوونی نوێنەری یاساییت هەیە و لەلایەن ئێمەوە ئاگادار دەکرێیتەوە دەربارەی مافەکانی تر، بەلەخۆگرتنی مافی تێهەڵچوونەوە دژی دەست بەسەرکردنت.**


©iStockphoto/janp013

## "بۆچی داوام لێدەکرێت پەنجەمۆرم وەربگیرێت؟"

کاتێک داواکاریەکە بۆ پەنابەری پێکشەش دەکەیت، ئەگەر تەمەن 14 ساڵ یان زیاتر بێت، پەنجەمۆرت وەردەگیرێت و بۆ داتابەیسی پەنجەمۆر "کە پێی دەوترێت یۆرداک" دەگوازرێتەوە. **پێویستە هاریکاری بیت لەگەڵ ئەم ڕێککاریە - تۆ ناچاریت بە پێی یاسا کە پەنجەمۆرت وەربگیرێت.**

ئەگەر پەنجەمۆرت کواڵیتییان باش نەبێت، ئەگەر بە ئەنقەست پەنجەمۆری خۆت تێکدابێت، ئەوە لە داهاتوودا دووبارە پەنجەمۆرت وەردەگیرێت.

پەنجەمۆرت لە نێو یـۆرداک پشکنینی بۆ دەکرێت بۆ زانینی ئەوەی ئەگەر پێشووتر داوای پەنابەریت کرد بێت یان بۆ زانینی ئەوەی ئەگەر پێشووتر لە سنوور پەنجەمۆرت وەرگیرا بێت. ئەمە یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی ئەوەی کامە وڵاتی دوبلین بەرپرسیارە لە هەڵسەنگاندنی داواکاری پەنابەریت.

هەروەها پەنجەمۆرت پشکنینی بۆ دەکرێت لە سیستەمی زانیاریی ڤیزا، کە داتابەیسێکە زانیاری تێدایە کە پەیوەستە بەو ڤیزانەی لە ناوچەی شینگن دراوە. ئەگەر ئێستا یان پێشووتر ڤیزای وڵاتێکی تری دوبلینت، لەوانەیە بۆ ئەوێ ڕەوانە بکرێێت بۆ بایەخدان بە داواکاریەکەت بۆ پاراستنی جیهانی.



لەبەرئەوەی داواکاری پەنابەریت پێشکەش کردووە، داتای پەنجەمۆرت لە لایەن یۆداک خەزن دەکرێت بۆ ماوەی 10 ساڵ - دوای 10 ساڵ، خودکارانە لە یـورۆداک ڕەش دەکرێنەوە. ئەگەر سەرکەوتوو بیت لە داواکاریەکەت بۆ پەنابەری، پەنجەمۆرت لە داتابەیسەکە دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی خودکارانە دەسڕێنەوە. ئەگەر ببیت بە هاوڵاتیەکی وڵاتێکی دوبلین، پەنجەمۆرت لەو کاتە دەسڕدرێتەوە. پەنجەمۆر و ڕەگەزت لە یوۆرداک هەڵدەگیرێن - ناو، وێنە، بەرواری لە دایك بوون و نیشتیمانیت بۆ داتابەیسی یوۆرداک ڕەوانە ناکرێن، بەڵام لەوانەیە لە داتابەیسی نیشتیمانی هەڵبگیرێن.

هەر کاتێک بتەوێت لە داهاتوو دەتوانیت داوای داتای پەیوەست بەخۆت بکەیت کە ئێمە لە یوۆرداک هەڵمان گرتووە. ئەگەر هەست دەکەیت داتاکە وورد نیە یان پێویست ناکات هەڵبگیرێت، دەکرێت داوای ئەمە بکەیت کە ڕاست بکرێتەوە یان بسڕێتەوە. **زانیاریی دەربارەی دەسەڵاتدارە بەرپرسیارەکان لە کارکردن لەسەر (کۆنترۆڵکردن)ی داتاکەت لەم وڵاتە و دەسەڵاتدارە بەرپرسیارەکان بۆ چاودێریکردنی پاراستنی داتا دەکرێت لە لاپەڕە 11 سەیر بکرێن.**

یوۆرداک لەلایەن ئاژانسی یەکێتی ئەوروپا کە پێی دەوترێت eu-LISA بەڕێوە دەبرێت. داتای تۆ دەکرێت تەنها بۆ مەبەستە پێناسەکراوەکان لە یاسادا بەکاربێت. تەنها سیستەمی ناوەندی یوۆرداک داتای تۆ وەردەگرێت. ئەگەر لە ئایندەدا لە وڵاتیکی تری دوبلین داوای پەنابەری بکەیت، پەنجەمۆرت بۆ ئەو وڵاتە ڕەوانە دەکرێت بۆ سەلماندن. داتای هەڵگیراو لە یـوۆرداک لەگەڵ هیچ وڵاتێکی تر یان ڕێکخراوێکی تر دەرەوەی وڵاتانی دوبلین هاوبەش ناکرێت.

لە 20ی تەمووزی 2015، پەنجەمۆرت لەوانەیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی وەک پۆلیس و نووسینگەی پۆلیسی ئەوروپی (یۆرۆپۆل) بپشکنرێت کە لەوانەیە داوای دەسگەیشتن بۆ داتابەیسی یوۆرداک بکەن بۆ مەبەستی ڕێگری کردن، دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لە تاوانە مەترسیدارەکان و تیرۆر.

## "مافەکانی من چین لەماوەی کە وڵاتی بەرپرسیاری لە داواکاری پەنابەریم بڕیار دەدات؟"

مافی ئەوەت هەیە لەم وڵاتە بمێنیتەوە ئەگەر ئێمە بەرپرسیار بین لە کارکردن لەسەر داواکاری پەنابەریت، یان، لەو شوێنەی وڵاتێکی تر بەرپرسیارە، تا بۆ ئەو شوێنە دەگوازرێیتەوە. ئەگەر ئەو وڵاتە بەرپرسیار بێت لە کارکردن لەسەر داواکاری پەنابەریت، کە مافی مانەوەی لێرە هەیە تا بڕیاری یەکەم دەربارەی داواکاری پەنابەریت دەدرێت. هەروەها تۆ شایستەی سودێکی لە مەرجەکانی وەرگرتنی ماددی، بۆ نموونە، شوێنی مانەوە، خۆراک، هاتد، لەگەڵ چاودێری پزیشکی بنەڕەتی و یارمەتی پزیشکی باری لەناکاو. دەرفەتی ئەوەت پێدەدرێت کە زانیاریمان پێبدەیت دەربارەی حاڵەتەکەت و مانەوەی ئەندامانی خێزانت لە ناوچەی وڵاتانی دوبلین بە شێوەی زارەکی و/یان نووسین، و لەکاتی ئەنجامدانی ئەمە، بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆت یان زمانێکی تر کە باش قسەی پێدەکەیت ( یان بوونی وەرگێڕێک، ئەگەر پێویست بکات). هەروەها کۆپیەکی نووسراوی بڕیاری گواستنەوەت بۆ وڵاتێکی تر وەردەگریت. هەروەها شایستەی ئەوەشیت کە پەیوەندیمان پێوە بکەیت بۆ زانیاری زیاتر و/یان پەیوەندی کردن بە نووسینگەی ڕێکخەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) لەم وڵاتە.

**ئەگەر بڕیار بدەین وڵاتێکی تر دەکرێت بەرپرسیار بێت لە کارکردن لەسەر داواکاریەکەت، ئەوە زانیاری تێروتەسەڵی زیاتر وەردەگریت دەربارەی ئەم ڕێوشوێنە و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر تۆ و مافەکانت.**






## زانیاری پەیوەندی:

**ناونیشان و زانیاریەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ کاربەدەستی پەنابەری**
Maahanmuuttovirasto
(خزمەتگوزاری کۆچی فینلاندی)
PL 10, 00086
Maahanmuuttovirasto
+ 358 295 419 600
www.migri.fi

**زانیاریەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ نووسینگەی نوێنەری پاراستنی زانیاری**
Tietosuojavaltuutetun
toimisto (نووسینگەی پاراستنی داتا)
PL 800, 00521 Helsinki
+ 358 295 666 700
ڕاوێژکاری بە تەلەفۆن:
+358 295 666 777
دووشەممە - هەینی 9-11
tietosuoja@om.fi
www.tietosuoja.fi

**ناسنامەی کۆنترۆڵکەری یوۆرداک و نوێنەرەکەی**
خاڵەکانی پەیوەندی: بۆردی پۆلیسی نیشتیمانی (Poliisihallitus) و خزمەتگوزاری کۆچی فینلاندی (Maahanmuuttovirasto)

**ووردەکاری پەیوەندی نووسینگەی کۆنترۆڵکەر**
+ 358 295 480 181
Poliisihallitus
(بۆردی پۆلیسی نیشتیمانی)
PL 22, 00521 Helsinki
kirjaamo.poliisihallitus@poliisi.fi

Maahanmuuttovirasto
(خزمەتگوزاری کۆچی فینلاندی)
PL 10, 00086
Maahanmuuttovirasto
+358 295 419 600
www.migri.fi

ئەگەر حەز دەکەیت داتای پەیوەست بە خۆت ببینیت کە لە سیستەمی یوۆرداک تۆمارکراوە، داواکاریەک پێشکەش بکە لە بنکەی پۆلیس. ئامادە بە بۆ نیشاندانی بەڵگەی زیاتر لە ناسنامەت. پێشنیاری ئەوە دەکەین کە تۆ پەیوەندی بە خاڵی خزمەتگوزاری پۆلیس بکەیت کە داواکاری پەنابەری تۆی پەسەند کرد. زانیاری پەیوەندی خاڵەکانی خزمەتگوزاری پۆلیس لە وێبسایتی پۆلیس poliisi.fi بەردەستە.

**نووسینگەکانی یارمەتی یاسایی و ڕێکخراوەکانی پشتگیری پەنابەران**
یارمەتی یاسایی. لەلایەن نووسینگەکانی یارمەتی یاسایی و نووسینگەکانی تری یاساو پارێزەرانەوە پێشکەش دەکرێت کە ناوەندی وەرگرتنیان ئاگادار کردۆتەوە دەربارەی ویستیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە یاساییەکان بە داواکارانی پەنابەری. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی یارمەتی یاسایی، تکایە قسە لەگەڵ کارمەندی ناوەندی وەرگرتن بکە.

**ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەری**
**(IOM) نووسینگەی فینلەندا و**
**زانیاریەکانی پەیوەندیکردن**
IOM Finland
Unioninkatu 13, نهۆمی شەشەم
PL 851, 00101 Helsinki
+358 9 684 1150
fiavrrcases@iom.int
www.iom.fi

ئەگەر دەتەوێت خۆبەشخانە بۆ وڵاتی خۆت بگەڕێیتەوە، داوای ئامۆژگاری لە ناوەندی وەرگرتن بکە.

**نزیکترین نووسینگەی هەرێمیی**
**ڕێکخەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان**
**بۆ کاروباری پەنابەران**
UNHCR
Sveavägen 166, 15th fl.
11346 Stockholm
Sverige
Tel. +46 10 10 12 800
swest@unhcr.org

European Commission

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

POLIISI
POLISEN I FINLAND
Police of Finland

Rajavartiolaitos
Gränsbevakningsväsendet
The Finnish Border Guard

23.8.2019 - kurdi-sorani